هیچ هێزێك یاخود هاوپەیمانیەك نییە لەگەڵ ناتۆدا هاوسەنگ بێت

گفتو گۆیەك لەگەڵ دی هۆب شیڤەری سکرتێری گشتی ناتۆ

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: بەهرۆز عەلی

لەکاتی دارمانی یەکێتی سۆڤیەتەوە،لەرۆژگاری رابردودا،جیهان بەردەوامە لەگەڕاندنەوەی هاوسەنگیە ئاراستەکراوەکان لەچاوەڕوانکردنی دەرکەوتنتی ژمارەیەکی نوێ لەهاوکێشە ستراتیژیەکان وگواستنەوەی لەهەڵوەشاندنەوەی دێوی روسی بۆ چەند یەکەیەکی گرنگ لەهاوکێشەکان،کەبە هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانی وواڵتانی وارشۆ (مانی سەربازی کۆمۆنیستی پێشوو) کۆتایی هات،پێشتر توانا کانی هاوپەیمانی ناتۆ (بانی سەربازی سەرمایەداری ئازاد) لاو ازتربوون بەرامبەر بەوارشۆ بەڵام ئیستا بۆتە شای گۆڕەپانەکە،هاوکات لەگەڵ زەمەندا لەهێزێکی بەرگری گەورە گۆڕاوە بۆ سەنتەرێکی کاروباری سەربازی گەردوون،

هاوپەیمانی باکوری ئەتلەنتی (ناتۆ)جگە لەکەمکردنەوەی رۆڵی نهێنی سەربازی لەماوەی جەنگی ساردی نیو سەدە،ئەمرۆ خۆی نوێ دەکاتەوە ولەگەڵ بەسەرچوونی نەیارە تەقلیدیەکەی لەبەرامبەر بەرەنگار بوونەوەی جەنگێکی راستی وترسناکدایە،کەدەشێت ئەوە ببێتە هۆی دووچاری لاوازبوونی وەك چۆن پێشتر بەرامبەر بەهاوپەیمانی وارشۆ دووچاری ببووەوە،

دۆزمنەکانی ئەمرۆی ناتۆ کەمتر توانای پڕ چەکبونیان هەیە،بەڵام زۆر بەهەڵپەن ولەکاتی رووبەڕووبونەوەیاندا ئارەزوی مردن دەکەن،کەزۆر لەشارەزایان پێیان وایە رووبەروو بونەوەی دوژمنە غەیرە تەقلیدیەکانی ناتۆ سیمایەکی دیارو ئاشکرای نیە لەسەر زەوی بەڵام جیهان بەرەو کەلێنێکی قوڵ رادەکێشێت، لەچاوپێکەوتنێك لەگەڵ (یان دی هۆن شیفەر)ی سکرتێری گشتی هاوپەیمانی ووڵاتانی باکوری ئەتڵەنتی (ناتۆ) کەلەمیانی بەشداربووننی لەکۆنگرەی نێودەوڵەتی هاریکاری ئەنجومەنی ووڵاتانی کەنداو وناتۆ لەماوەی ١١-١٢ کانونی یەکەم لەژێر ناونیشانی (رووبەرووبونەوەی بەرەنگاریە هاوبەشەکان)بەستراوبو ئاماژە بەوە دەکات کەچاوخشانەوە بەبارودۆخی جیهانی کەئەمرۆ حوکم دەکات بەشێوازی فرە هاوسەنگی ناتاۆ کەمتەرخەمی نەکردووە لە هێزی سەربازی وپێشکەوتنی ئابووری کەیابان بەدەستی هێناوە وئەڵمانیاش پێشترو یەکێتی ئەوروپا وچینیش لەمرۆدا .

هیچ هێزێکی دانایی وفەلسەفی وتیۆریی فەرمانڕەوایی کردن وبەڕێوەبردن نییە، بەڵام گرنگی هاوپەیمانی باکوری ئەتلەنتی چی یە؟

ناتۆ سانی ١٩٤٩ پێکهات بۆ رووبەڕووبونەوەی مەترسی فراوانبوونی تەوژمی کۆمۆنستی کە لەئەنجامی جەنگی جیهانی دووەم سەری هەڵدابوو و سۆڤیەت هەوڵی بڵاوبونەوەی زیاتری پێگەی خۆی دەدات بەسەر ئەورووپا .

ناتۆ بەهێزترین هاوپەیمانی بەرگری ناوچەیی ئامادەکردووە لەجیهاندا کەئامانجی سەرەکی بریتیە لە (پارێزگاری ئازادی وشارستانیەتی گشتی ووڵاتانی ئەندام) لەرێگەی هاندانی سەقامگیری وخۆشگوزەرانی لەناوچەی باکوری ئەتلەنتی کەئەندامانی ناتۆ رێکەوتوون لەسەر ئەوەی هەر هێرشێك بکرێتە سەر هەر ووڵاتێکی ئەندام وادادەنرێت کەهێرش کراوەتە سەرجەم ووڵاتانی ئەندام، کاتێك ناتۆ دروست بوو ١٢ ووڵاتی لە خۆی گرتبوو دواتر سانی ١٩٥٢ یۆنان و تورکیا هاتنە ناوەوەو سانی ١٩٥٥ ئەڵمانیای رۆژئاوای لە خۆگرت, هەژموونی هێزی سەربازی ئەمەریکای لەسەرەتاوە پێوە دیار بوو بۆیە یەکێتی سۆڤیت هەیمەنەی ئەمەریکاو چونەناوەوەی ئەڵمانیای رۆژئاوا بەهەرەشەیەکی راستەوخۆ داناو سانی ١٩٩٥ هاوپەیمانیەکی دژی ناتۆ دامەزراند بە ناوی هاوپەیمانی وارشۆ کە لەئەنجامی دارمانی یەکێتی سۆڤیەت لە سانی ١٩٩١ هەڵوەشایەوە، کۆمارەکانی چیك و مەجەرو پۆڵەندا لەیەکەمین وڵاتانی ئەندامانی وارشۆی پێشوو بوون سانی ١٩٩٩ بوونە ئەندامی ناتۆ، هەروەها لەنۆ قمبە ری ٢٠٠٢ وەزیرانی ناتۆ لە کۆبونەوەیەکیاندا لە براغ بریاریاندا بانگهشەی ڕەسمی

ئاراستەی ئیستیوانیا و لاتیفیاو سلۆڤانیاو سلۆفاکیاو بولغاریاو ڕۆمانیا بکەن بۆ هاتنە ناو هاوپەیمانی ناتۆ، هەروەك چۆن کرواتیاو ئەلبانیاو کۆماری مۆنتینگرۆ داوایان کرد بێنە ناوەوە بەڵام بەڕەسمی بانگهشەیان ئاراستە نەکرابوو، لە ماوەی نەوەدەکاندا ناتۆ پاڵ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەئەنجامی هێرشەکانی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ هەنگاوی یەکەمی بوو بەرەو نزیك بونەوەی پەیوەندیەکان لە نێوان هەردوو لادا.

سەرکردایەتی گشتی پێك هێنانی ئەنجومەنی ناتۆ لە ئایاری ٢٠٠٢ ڕێگەی دا بە روسیا مالفی یەکسانی هەبێت لە هاوپەیمانی بەرگری لە پرۆسەی وەرگرتنی بریار دەربارەی سیاسەتی قەلا چۆکردنی تیرۆرو هەندێ هەرەشەی ئاسایشی تر. پێش بەستنی کۆنگرەی کویت بەرێوەبەری بەشی پلان دانانی سیاسەت لە وەزارەتی بەرگری بەریتانیا هەرەشەکانی سەر ئاسایش بونەتە جیهانی و لە گۆراندا کە هەموو شتێکی لە خۆ گرتووە (لە قاچاغیکردن بە مادە بێهۆشکەرەکان و خەڵکی بۆ سەر چاوەی ووزە) هەروەها

ناتۆ لەهێزێکی بەرگری دژی تەوژمی کۆمۆنیستییەوە بۆ ناوەندێکی سەربازیی گەردوونی

زنجیرەیەك هەنگاوی گرنگی نا بۆ هەوڵدانی باش کردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ مۆسکۆ، بەڵام سنوری ناتۆ فراوانیەکەی لەسنوری روسیا دا وەستا، کاردانەوەی کرملین لەچوونە دەڵێت پڕۆژەی هاوبەش کەناتۆ دەست پێشخەری بۆ کردووە ئامانجی بنیاتنانی هاوکاری و گفتوگۆیە لەگەڵ ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست و پەیرەو کردنی هاوکاری لەگەڵ ولاتانی ئەنجومەنی هاوکاری کەندا و جەخت دەکاتەوە لەسەرهاریکاری پراکتیکی وەك راهێنانی هێزەکانی ئەو وڵاتانە، هەروەها ئاماژە بە تواناکانی دامەزراندنی سەنتەرێکی مەشقی ناتۆ دەکات لە ناوچەکەدا کە وردەکاریەکانی ئەو سەنتەرە تا ئێستا ئاشکرا نیە، زۆر سەرچاوەی ناتۆ ئاماژە بەوە دەکەن نادیاری ئەو سەنتەرە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بۆچونی ئەندامانی ناتۆ هەربۆیەشە پڕۆژەکە بەم نزیکانە سەرکەوتوو نابێت سەرەڕای دووپاتکردنەوەی هاوکاری نێوان وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ناتۆ باون دەڵێت سەقامگیری ناوچەکە پشت دەبەستێت بەکێشەیەکی سەرەکی کە (مل ملانیەی نێوان فەلەستین ئیسرائیلە) بەلام بە وتەی ئەردەف ناتۆ دەست وەرناداتە ئەو مەسەلەیە .

*بۆچی ئەو هەموو گرنگیە کتوپڕانە لە ناوچەی کەنداو دەدرێت، ئایە لەبەر چالاکی ئەتۆمی ئێرانە کە کاریگەری گرنگی هەیە بۆتان؟

باوەڕ ناکەم گرنگیدانی ناتۆ بە ناوچەی کەنداو کتو پر بێت ئێمە کار ناکەین بۆ هیچ ناوچەیەك لە جیهان، ئاشتی و ئاسایش دوو بابەتن ناتۆ گرنگیان پێدەدات لە هەر شوێنێکی دنیا بێت بۆیە لەسەرمانە چاودێری هەموو شتێك بکەین لە کوێ ڕوودەدات، کە هەندێکی ڕوودواوی سروشتین هەندێکیش بە شێوەی هەرەمەکی ڕوو دەدات، هەندێ کارەساتی تر بە ئەنقەست ڕوو دەدات کە هەرەشە لە ئاسایشی ئەو ناوچانە دەکات بۆیە هەقی خۆیەتی گرنگیان پێ بدەین بە هاوکاری لەگەڵ لایەنی نێو دەوڵەتی پەیوەندیدار، ئێمە هەموو جیهانمان لا مەبەستە نەك ڕۆژئاواو ئەورووپاو ئەمەریکا .

*ئایا ناتۆ پەیوەندیدارە بە ڕۆڵی پۆلیسی گەردونی؟

کارەکە بەو جۆرە نیە تەنها پۆلیس یان سوپا بێت بەڵکو ئاسایش و سەلامەتیە بۆ مرۆڤەکە لە هەموو جیهاندا، هەروەها سەلامەتی ئابووری جیهان تاوەکو جیهان ڕووبەرووی هەرەشەی حساب بۆ کراو نەبێتەوە هاوپەیمانی ناتۆ بە ویستی دەوڵەتان بۆ هاوکاری کردنی یەکتری لەسەر بەرزترین ئاستی سەربازی پێکهێناوە بەڵام بەراستی بۆ بەدواچونی ئاسایش و سیاسی و ستراتیژی و تاوتوێکردنی ئێستاو داهاتوو کار دەکات بۆیە پەیوەندی دارە بە هەموو جیهانەوە .

کێ ئەولەویەتی تاوتوێکردن و گەران یاخود چارکیەکان دەست نیشان دەکات ؟

بەنیسبەت هاوپەیمانیەوە وەك دەزانن سەرکردایەتی پابەندە بە فرە داواکاری دەزگای جیهانی، سەرکردەکانی نەزان نین بەڵکو ڕاهێنراون و شارەزان و مێژوێیەکی درێژیان هەیە لە کاری مەیدانی سەربازیدا .

*ئێستا دوای زیاتر لە نیو سەدە لە تەمەنی هاوپەیمانی ئایا ناتۆ ئامانجەکانی بەدیهێناوە، بە تایبەت دوای کەوتنی یەکێتی و هاوپەیمانی وارشۆ؟

ناتوانین بڵێین ناتۆ ئامانجەکانی هێناوەتە دی تا سەقامگیری ئاسایشی جیهانی بەدی نەهێنن.

ڕۆژانە مەترسی ڕووبەرووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە، شتێکی ئاشکرایە بۆ هەموو پێشکەوتنەکان بە ئاگا بوونەکانیش زۆرتر دەبێت . بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە حکومەتەکانیان سیستمی دیموکراسی نییە، یان کێشەی یاخیبوون لای هەندێ وڵاتی تر و ئارەزوبونیان لە بەرەنگار بونەوە، ڕەنگە گران بێت بیر لە کۆتای ڕۆڵی ناتۆ بکرێتەوە، دوای ڕوخانی سۆڤیەت ناتۆ بەشداری کرد لە شەرەکانی یەغسلافیای پێشو ئەفغانستان هەروەها ئەرکی ڕاهێنانی هێزەکانی عێراقی وەرگرتووە ئەو بارودۆخانە ترسناکتر بوون لە بارودۆخی پێش ڕووخانی سۆڤیەت.

*ئێوە ناتانەوێت ڕۆژ ئاوا پشت بە ئیسلام ببەستێت وەك ئاین یاخود گروپە ئیسلامیەکان وەك هێزێکی نەیار لە تێروانینتان بۆ ململانێی شارستانیەتیەکان کە گەیشتۆتە ئەم ئاستە بەلام تا کەی ئەو بیر کردنەوەیە لە ئەدەبیاتی ناتۆ دەمێنێتەوە ؟

ئەوە لە ئەدەبیاتدا نیە، هیچ مەهامو فەلسەفەیەکی هاوپەیمانی نیە پەیوەندی دار بێت بە فەرمان دەرکردنی دوژمن کاری ئەوانی تر، دوژمنانی ناتۆ بە ئیعتباراتی دینی دەست نیشان ناکرێت، ئەو دوژمنانەی یاخی دەبن تەنها پەیوەندیان بە ئایینەوەنیە بۆ نموونە بارودۆخی کۆریای باکور لە ئێستا داو پێشینەی ئەتۆمی هندستان و پاکستان هەروەها بارودۆخی ئێران . ئێمە دەروانینە مەترسیەکانی چەکی ئەتۆمی لە هەموو ناوچەکاندا هەروەها دەروانینە سەلامەتی جیهان نەك تەنها لە کەنداو بە تەنها ئەوەش کارێکی هاوبەشە لە لایەنی ئاسایشەوە، مەترسیەکان مەزهەبی و ئایینی نین، ئێمە لە هاوپەیمانی ناتۆ لەسەر بارگراوندی تیۆریەکانی ململانێی شارستانیەتیەکان و جیاوازی نێوان نەتەوەکان کار ناکەین.

ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەبارودۆخی ئێستای عێراق

مەحمەد مێرگەسۆری

ئەمرۆ میدیا و ڕاگەیاندن لەهەموو کاتێك زیاتر ڕۆڵو کاریگەریان هەیە، بەسەر سەقامگیری و شلەژانی باری سیاسی هەتا کۆمەڵایەتی هەر وڵاتێك لەجیهان. بەئەندازەیەك کەوا هیچ سەردەمێك بەقەد ئێستا ڕۆلیان نەبووە.

میدیا و ڕاگەیاندن هەموو ئەو دامو دەزگایانە دەگرێتەوە، کە هەواڵو ڕێپۆرتاژ،سات بەساتی ڕووداوی هەمەچەشنو گەرم لەکات و شوێنی خۆی دەگوێزنەوە بۆ ناو ستۆدیۆکانی دەزگا بینراوەکان یان بیستراوەکان ،ئینجا ئەوانیش دوای پۆلش وتیف تیفە کردنی ئارەزومەندانە پەخشی هەمەلایەنەی دەکەن.ئەم دەستەواژەمان هەموو ئەو دەزگایانە ناگرێتەوە ،کەوا ئەمرۆ لەم مەیدانە کاری پرۆفیشانەلانە ئەنجام دەدەن.

پێشکەوتەکانی جیهانی زانیاری و زانست بەگشتی، گەیاندنو پەیوەندیە وایەر لێسەکانو دیجیتالیەکان بەتایبەت. هەموویان بەیەکەوە، زیاتر لەجاران کاریگەریان بەسەر بلاوکردنەوەی هەواڵەکان، بەسەر ڕای گشتی ناوخۆ ودەرەوە فراوانترکردووە. لەهەمان کات لەچەند ساتێکی کەم هەموو گەرمە هەواڵەکان دەگەنە هەموو لایەك و گۆشەیەکی وڵات.

ئیتر هەواڵەکان چەند هەمەڕەنگ و وێنا بن. مەبەست ئەوەیە هەر یەکەیان جێ شوێنێك، لەدوایی خۆی دڕوست دەکات. دەبێتە مایەی هەلچونو داچونی چەند کردارێکی نەستو کرداری پێچەوانە.

ڕووخانو یاخی بوونو هەموو ئەو ڕوو داوانەی لاپەڕی مێژوویان داگیرکرد، بوونە بڕینی قۆناغێکی هەستیار لەمێژوویی مرۆڤایەتی. سەرهەلدانی چەندین ئەندێشەمەندی فرە جیاوازیان دورست کرد. ئەوەندەی هەندێ ڕووداوی دوای سالانی نۆوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دیارو بەرچاو نەبوون، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی تۆری دەزگاو هەواڵنێرو گەیاندنی ئەو سەردەمە وەکو ئێستا نەبوون. بۆیە ڕۆڵ گیرانی میدیایەکانو ڕاگەیاندن لەگەیاندنی ڕاستی ڕووداوەکەو لانەدان لەچوارچێوە دیارکراوەکانی ڕۆژنامەوانیو کاری ڕاگەیاندن خاڵێکی زۆر گرنگە. چەندین ڕووداوی سادەو ئاسایی بوون لەچەند وڵاتێك یان لەیەکێك لەشارەکان. بەڵام هەندێ لەڕاگەیاندنەکان، بەهۆی چەند پالنەرو ئایدیایێك ئاراستە دورستی ڕووداوەکەی بەلایێکدا بردووە، مەگەر هەر خۆیان بزانن چۆنیان شێلاندوە.

جیهانی بێ تەلو وایەرلێسی گەیاندن، هیچ سنورێکی پێرۆزی بەرووبی ڕووداوەکانو هەواڵەکان نەهێشتۆتەوە. بەرادەیەك مەزەندەی شتی گەورەتر دەکەین لەبیستنی هەواڵێکی لەناکاو، لەدوایی چەند ڕۆژێك، بەلکو لەدوایی چەند کاتژمێرێك.

دۆخی ئێستای عێراق. باشترین تاقیگەو ئەزموونگەیی چڕبوونەوەی چەند هێلێکی پێکپەڕژاوی ڕاگەیاندنو هەواڵو ڕووداوی سیاسیە، کە لەڕێیەوە. چەندین دەزگاو کەناڵ پروپاگندەیی نابەجی و بی بنەما دەخرێنە ناو کۆمەڵگا.

لە ڕێیەوە ڕاستیە چەسپاوەکان، بەڕووی خەلکی لێڵو نامۆ دەکەن. ئەگەر ئێستا سەیری ئەو دیمەنو لێدوانانە بکەین. کە لەکەناڵە عەرەبیەکان نیشاندەدرێن، زۆربەی هەرە زۆریان لەسەر عێراق و بارە شلەژاوەکەی پەخش دەکرێت.

بەتایبەت ئەو کەناڵانەی پەیوەندیدارن بە بابەتی (سیاسی)یەوە. لەناویاندا و گرنگترینیان (جەزیرە). ئەم کەناڵەخۆیوا نیشان دەدات ،کە نوێنەرایەتی زۆرینەی ڕای عەرەبیو میدیایی عەرەبی دەکات، بەهەموو بالە نەتەوەخوازەکان. لەهەمانکات بەهێلکی گشتی مەزهەب (سونی) بەناو ڕایلەکانی ڕاگەیاندی ئاسمانی (سەتەلایت) بیروڕاو بۆچوونەکانی بلاودەکاتەوە. بەمەش هەم عەرەب وەکو نەتەوە، و هەم (سونە)ش وەکو مەزهەب. بەرەنگێکی تازەو مۆدێرن خۆیان نیشانی جیهان دەدەن. تەمویل کردنی ئەو کەناڵەیش لەڕوویی (مادی)یەوە، لەلایەن چەند گیرفان پڕێکی جیاجیاو کۆمپانیای زەبەلاحەوە دابین دەکرێت. کە داهاتێکی پربەهای هەیە لەوتیان دێتە دەست. بەمەش وڵاتە خاوەن بیرە نەوتە پرەکان ڕۆڵی تەمەن بەخشین دەبینن.

دابەزاندنی بەرنامەی تایبەت لەسەر عێراق و فەلەستین، لەو کەناڵانەوە ئەوەندە مەبەستیان شێواندنی ڕاستی هەواڵو زلکردنی هەندێ ڕوویی ڕاستی هەوالەکان لەپێناوی سەرنجی ڕاکێشانی بینەر بۆلای خۆیان. ئەوەندە دەرخستنی لایەنی پۆزەتیڤی بەرنامەکە نییە.

ئەمەش بۆتە گرێیەك لەپێش ڕوون بینینی ڕاستو دروستی ڕووداوە هەوالەکان، هەم لەلای بینەرانی هەمیشەیی ئەو کەناڵانەو ئەوانەی تر. گومانی تێدانییە، کە ئەو ڕێو شوێنە یاسایانەی هاتونەتە سەر لاپەڕەکان لەزۆربەی ووڵاتان وەکو یەکێك لەکۆلەکەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەت و لیبرال دادەنێنن جێبە جێی دەکەن. (ئازادی ڕادەربڕینو ڕۆژنامە وانی)یە.

بۆیە پەخش کردنی بەرنامەو هەوالەکانی کەناڵێکی ئاسمانی لەدوور چەندین هەزار کیلۆمەتر لەوڵاتەکەی خۆتەوە، وا ئاسان نییە، کە بەدوایی ئەو داوانە بچی کە لەلای تۆ جێگەی شك و گومانن، یان هەلسیت بە سکاڵاکردن لە ڕاستی ئەو بابەتەی، کە مەبەستە بگەیتە "یەقین".

هیچ یەك لەو کەناڵانە بێ لایەن نین مەبەست ئەوانەن، کە توانای گەیاندنو بڵاوکردنەوەی سات بەساتی ڕووداوەکانیان هەیە. بارگاوی کردنی خودی ئەوانە بەفکرو ئایدۆلۆژیاو نەخشەو پیلانو بەرنامەی تایبەت شتێکی تایبەتیەوە ڕێگەی تێدەچێت بیگرنەبەر. بەڵام خاڵی کردنی لەسەر حسابی ئەو ئەم تاوانێکەو نایەتە داپۆشین.

لەوانەیە لەمەوپێش زۆر قسە لەسەر ئەوە کرابێت ،کەوا زۆرێك لەکەناڵەکان بەلەناوچوونی ڕۆژانەی چەندین کەس بەهەموو ڕەگەزو تەمەنە جیاوازیەکان لەعیراق. ناویان دەبەن بە (کوژراو)و بە هاوڵاتیە فەلەستینیەکانیش دەڵێن (شەهید).

ئایا هیچ چەرخ و فەڵەکێك لەپێش دڕکاندنو دواندنی ڕۆژانەی ئەوانەوە نییە؟ ئەگەر هەلەیەك و پۆلین کردنێکی لۆژیکیە، بەوەی کە فتوا دراوە کە ئەوانەی لەفەلەستین لەناودەچن بەشەهیدیان حساب بکەن. ئەوانەی لێرەش لەناودەچن هێشتا فتوایان لەسەر نەدراوە. لەبەر ئەو وا ناو دەبردرێن. لەهەردوو حالەتەکە هەر(ئیسلام)ە بەمەفهومەکەی خۆیان لەناودەچن.

ئەگەر هەندێ بەناخی ئەو ڕامانەی ئەو جۆرە کەسانە بچینە خوار. جۆرێك لەرق و کینەمان دێتە پێش چاو کە زەحمەت دێتە قبوڵ کردن لەلای کەسی خاوەن ئیمان.

لەوانەیە زۆر کەسی عەرەبو نامۆسولمان ئەو ئایەتەی سورەتی یاسینیان نەکەوتبێتە پێش چاو یان نەیان بیستبێ، کە خودا دەفەرموێت (أني جاعل في الأرض خليفاً) ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەمری خودا بەسەر فریشتەو جنەکان نیشان دەدات، کە جێنشین لەزەوی بخولقێنێ مەبەست لێی (مرۆڤ)ە.

ئەگەر مرۆڤ ئایدۆلۆژیاو نەخشەو پیلان و بەرنامەی تایبەت شتێکی تایبەتیەوە ڕێگەی تێدەچێت بیگرنەبەر. بەڵام خاڵی کردنی لەسەر حسابی ئەو ئەم تاوانێکەو نایەتە داپۆشین.

لەوانەیە لەمەوپێش زۆر قسە لەسەر ئەوە کرابێت ،کەوا زۆرێك لەکەناڵەکان بەلەناوچوونی ڕۆژانەی چەندین کەس بەهەموو ڕەگەزو تەمەنە جیاوازیەکان لەعیراق. ناویان دەبەن بە (کوژراو)و بە هاوڵاتیە فەلەستینیەکانیش دەڵێن (شەهید).

ئایا هیچ چەرخ و فەڵەکێك لەپێش دڕکاندنو دواندنی ڕۆژانەی ئەوانەوە نییە؟ ئەگەر هەلەیەك و پۆلین کردنێکی لۆژیکیە، بەوەی کە فتوا دراوە کە ئەوانەی لەفەلەستین لەناودەچن بەشەهیدیان حساب بکەن. ئەوانەی لێرەش لەناودەچن هێشتا فتوایان لەسەر نەدراوە. لەبەر ئەو وا ناو دەبردرێن. لەهەردوو حالەتەکە هەر(ئیسلام)ە بەمەفهومەکەی خۆیان لەناودەچن.

ئەگەر هەندێ بەناخی ئەو ڕامانەی ئەو جۆرە کەسانە بچینە خوار. جۆرێك لەرق و کینەمان دێتە پێش چاو کە زەحمەت دێتە قبوڵ کردن لەلای کەسی خاوەن ئیمان.

لەوانەیە زۆر کەسی عەرەبو نامۆسولمان ئەو ئایەتەی سورەتی یاسینیان نەکەوتبێتە پێش چاو یان نەیان بیستبێ، کە خودا دەفەرموێت (أني جاعل في الأرض خليفاً) ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەمری خودا بەسەر فریشتەو جنەکان نیشان دەدات، کە جێنشین لەزەوی بخولقێنێ مەبەست لێی (مرۆڤ)ە.

جێگیرکردنی هێزەی (ئاشتی پارێز) لەناوچەکە؟!

قۆزتنەوەی مافێك یان یاسایەك یان شێوازێك، لەزۆر کاتو زەمان جێگەی خۆی گرتووە جێگیر بووە.بەڵام ئایا قۆزتنەوەی حەڵاڵ کردنی خوێنی ئەو کەسانەی خۆشمان ناوێن، لەکاتێك بەزمانێك بیبوێت وەك زمانی خۆت بێتو حەرام کردنی ئەوانی تر چی دەگەیەنێ؟!!

لێرە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەو شەرەی لەعیراق هەیە بەهەموو ڕەوتە جیاوازەکانیەوە هەر ڕەهەندو چەمکی شەڕ بەمانای (حوێن ڕشتن) ناگرێتەوە بەلکو کایەو بەها کۆمەڵایەتیەکانو ساپیکۆلۆژیەکانیش لەڕێگەی کەنالی ڕاگەیاندنو سەکۆی بەناو ئازادی (میدیا) لەگەڵ خۆیان ڕاپێچی مەرگ دەکەن. ئەگەر زاراوە گەلێکی (جیهانگیری ڕاگەیاندن) تەنها لەگواستنەوەی هەواڵ خۆی نیشان بدات شتێکی ئاساییە. بەڵام ئەگەر ببێتە ئامرازی شەڕو خوێن ڕشتنو ڕۆڵی سەرەکی لەو مەیدانە بگێڕێ. ئەبێ چی ڕووبدات؟؟

بۆیە شەری ئێستا سەرچاوەکەی ئەو ئامێزە چوارچێوە چەند ئینجەیە کە لەمالەکانمانەوە فێرمان دەکات، چۆنو بەرەو کوێ هەنگاو بهاوێژین؟ وەك لەپێشەوە ئاماژەماندا بەتەمویلی ئەو کەناڵانە لەڕووی ماددیەوە.

لەبەرامبەر ئەو پاداشتو هاریکاریە ماددیە، ئەوانیش بەناوی (عروبەو جیهاد) تەمویلی ڕوحی یان مەعنەوی خەلکی لاسار دەکەن کە ڕوو بکەنە عیراق ویارمەتی فەلەستین بدەن،بە بیانوی جیهادو بەرگری کردن لە مقدسات.